کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی ڕۆژانەی کشتی سەربەخۆی کوردیە
www.kurdistannet.org
31-12-2007 2:07بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

## قسەیەک بۆ خاتری نیشتمان ... دڵزارحەسەن

نیشتمان بەدەر لەوەی خۆی لە فۆڕمێکی جوگرافیانە دەربخات، لەگەڵ ئەوەدا دۆستێکی غەریزی ئینسانیشە. مرۆڤ بۆ ئەوەی هەمیشە لە ژێر کۆنتاکێکی جەدەلی لە نێوان دووری و جێگیربووندا گوزەربکات هەوڵی داوە خاکێکی دیاریکرا و لە شێوەی نیشتمان بۆ خۆی بسازێنێت. هەرچەندە کەسانێك پێیان وایە خاك نابێتە ئەو بونەوەرە هۆشیارەی کە دواجار مرۆڤی بیرکەرەوەی لەسەر بونیاد بنرێت، بەڵام مانا دژەکانی ئەو لێکدانەوەیەش ناتوانێت تێڕوانینێکی دیکەی هاو دژ لە هەناوی ئەو تێگەیشتنەوە بخولقێنێت کە پێی وایە لە زۆر کاتان نیشتمان دەروازەیەکە بۆ خولقاندنی زۆرێك بەرهەمی زانستی و ئینسانی. هاوکات لەگەڵ ئەوەشدا جیاوازی تێگەیشتنەکان بۆ ئەم زاراوەیەش ئەوە ناگەیەنێت کە نیشتمان لە جەوهەریدا هیچ بەهایەکی مۆراڵی هەڵنەگرێت. بە پێچەوانەوە خاك هەمیشە وەك کەرەستەیەکی ئەخلاقی سەیر کراوە و هیچ کەسێکیش نابینیتەوە مەگەر ڕووداوێك یان بە شێوەیەك لە شێوەکان توشی دەربەدەری کرابێت. ئەگەر نا جێهێشتنی نیشتمان بەبی هۆ خۆی لە خۆیدا بە حاڵەتێکی ناشاز خوێندنەوەی بۆ دەکرێت، بێگومان بە دەگمەنیش ڕوویداوە کەسێك بە خۆڕایی پشت لە نیشتمان بکات. منیش لەم دەرفەتەدا هەوڵدەدەم قسەیەك بۆ خاتری ئەو نیشتمانە بکەم کە بی ئاگایانە پشتمان تێیکردووە و لەگەڵ ئەوەشدا لە ناویدا دەژین، یان بە ئاگایانە نەفرەتی لێدەکەین و بە سەرچاوەی نەهامەتیەکان قیرائەی بۆ دەکەین. ڕەنگە ئەم دیاردەیەش خۆی لە خۆیدا گومان و پرسیارێکی گەورە لە دوای خۆیدا دروست بکات. بە شێوەیەك کە ئەم پرسیار و گومانانە وامان لێبکەن کە لە پەراوێزی ئەو پشتێکردنەوە چەند لێکدانەوەیەکی جیاواز لە یەکتری بخولقێنێت. گریمانەش زۆرن بۆ ئەوەی بەشێك لەم تێڕوانینانە وامان لێبکەن کە چەند پەیژێکی دیکەی جیاواز بسازێنین بۆ خاتری ئەوەی لە نزیکەوە دوو قسەش بۆ خاتری نیشتمان بکەین، نیشتمانێك هەمیشە وەك کەرەستەیەکی بی گیان سەیری کراوە و دواجار مامەڵەیەکی بی گیانیشی لەگەڵدا کراوە. لەو هاوکێشەدا کەس خاوەنی نیشتمان نییە و کەسیش بی هەوا و ژینگەی نیشتمان ناتوانێت پشوویەکی درێژ بدات، پێچەوانەی ئەو دیدەش دووری لە نیشتمان خاڵیکردنەوەی ئەو هەناسەیەیە کە ترادیسیۆنەکانی تەنگیان پی هەڵچنیبوو. ئەو ڕوانگەیە زۆرێك لێکدانەوەی جیاوازی لە هەست و بیری تاکی کوردی دروست کردووە، بەئەندازەیەك هیچ یەکێك لەو کارەکتەرانەی نێو باوەشی نیشتمان نابنەوە بەو ڕەمزەی کە بەهاکانی دەروەی نیشتمان پێی بەخشیوە، لەگەڵ ئەوەشدا هیچ یەکێك لەو چەمکە جیاوزانەش لە بارەی نیشتمان ئەو مانایە نابەخشن کە پێناسەکان پێمان دەبەخشنەوە. کلاسیکیەکان هەمیشە بەر دەرگای نیشتمان بە پیرۆز سەیردەکەن و پێیان وایە نیشتمان بەرهەمی دەستی موقەدەسەکانە، مۆدێرنەکانیش دەروازەکانی نیشتمان بە ئەگەری بوون و نەبوونی نەتەوە و مرۆڤەکان پێناسەدەکەن. پێناسەیەکی زۆر بۆ چەمکی نیشتمان کراوە، بەڵام ناسکترین بۆچوون لەبارەیەوە ئەو دەربڕینەیە کە دەڵێت "نیشتمان پرە لە ئاوابوون". سەخترین جوملەش ئەوەیە کە دەڵێت "نیشتمان نزیکترین دۆزەخە لای مرۆڤ" هەردوو دید و دیدگا خەملاندنێکی مەجازیانە لە هەناوی ئەو خاوەن نیشتمانانە دروست دەکات کە نیشتمان بە ئارامترین شوێن بۆ مرۆڤەکان دەچوێنن. لێرەدا هاونیشتمانەکان هەم لە دۆزەخن و هەم لە جەننەت. بەعزێکیان ئەو بەهەشتە بە یۆتۆپیا دەشوبهێنن و بە خەیاڵ خۆشگوزەرانن، بەشێکی دیکەیان هێواش هێواش بەدیار پشکۆی هاوڕێکانیانەوە جەستەیان دەبێتەوە بە خۆڵەمێش.

dlzarhessen@yahoo.com

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.